## وەزارەتی کشتوکاڵ
### بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
### بەڕێوەبەرایەتی کار و باری یاسایی

**ژمارە:٩٠٧٤**

**ڕێکەوت:٢٠٠٧/٨/٣٠**

# ڕێنمایی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٠٧
# تایبەت بە مۆڵەت پێدانی کاتی بە دروست کردنی ڕەژوو

**بە پێ ی ماددەی (٤) برگە (هـ) لە یاسای دارستان ژمارە ٧٥ ســاڵی ١٩٥٥.**

**ئاشکرایە دروست کردنی ڕەژوو لە هەرێمی کوردستان پیشەیەکی کۆنە بۆ دروست کردنی هەندێك خواردەمەنی تایبەتی بە کاردەهێنرێت، لەگەڵ ئەوی دیاردەی سەرپێچی بۆ سەرداری دارستانەکان بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو کەم بۆتەوە بە هەوڵی لایەنە پەیوەندی دارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراو و کۆمەڵەکان لە لایەك ، بەرزبوونەوەی ئاستی هەستیاری هاولاًتیانی گەلەکەمان لە لایەکی ترەوە بەرامبەر پاراستنی دارستان و سامانە سروشتی یەکان .بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆل کردنی زێدەرۆیی لە دروست کردنی رەژوو ، بە پێویستمان زانی لە چوارچیوەی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە ڕێك بخرێت :-**

**١. لیژنەی پسپۆری ناوەندی پێك بهێنرێت بۆ سەرپەرشتی کردنی دروست کردنی ڕەژوو بە سەرۆکایەتی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەزگەری و دارستان و پاوان و بە ئەندامی یەتی بەرێوبەرایەتی یەکانی پارێزگاکان و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستانی هەرێم.**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢. ليژنەيەكى چاودێرى لەهەر پارێزگايەك پێك بهێنرێت لە كارمەندانى بەڕێوەبەرايەتى دارستان و ئەندامى يەتى پۆليسى دارستان و بەرپرسى هۆبەكانى دارستان و نوێنەرى كارگێڕى لە قەزاو ناحيەكان بێت.

٣. ديارى كردن و دەست نيشان كردنى چەند شوێنێكى جياجيا لە ناوچەكاندا بكرێتە شوێنى دامەزراندنى كورەى دروست كردنى ڕەژوو، لە ژێر چاودێرى ليچنەى تايبەت لە پارێزگاكان واتە ليژنەى بڕگەى دووى سەرەوە بۆ چاودێرى كۆنـتڕۆل كردن لەو شوێنانەى كە ڕەژووى تێدا دروست دكرێت.

٤. ئەو كەسەى مۆڵەت وەردەگرێت پێويستە بەلێن بدات لەلايەن دادنووس بە جێ بە جێ كردنى گشت ڕێنماييەكان و مەرجەكانى دروست كردنى رەژوو.

٥. مۆڵەت بدرێتە ئەو هاولاَتيانەى كە پابەندى جێ بە جێ كردنى گشت ڕێنماييەكان دەبێت و ناسراو بێت لەلايەن ليژنەى چاودێرى ،مۆلەتەكەش كاتى بێت و لەگەڵ ديارى كردنى بەروارى دەست پێكردن و كۆتايى هاتنى.

٦. گــواستنەوەى ڕەژوو لە شوێنێك بۆ شوپنێكى تر لە ژێر دەسەلاَتى ليژنەى سەرپەرشتى ناوەندى بێت بەپىَ ى ڕێنماييەكانى گواستنەوە.

٧. مۆڵەت بدرێتە كۆمپانيايەك يان فرۆشيارێكى ڕەژوو مۆڵەت پێدراو لە هەرپارێزگايەك بە كۆكردنەوەى ڕەژووى دروست كراو پاشان دابەشى ناوشارى دەكات لە ڕێگاى بريكارى كۆمپانيايەكەوە وە ڕەژووەكانيش پێويستە بخرێتە ناو كيسى نايلۆن يان كارتۆنى تايبەت و مۆرى لــــيژنەى تايبەت و مۆرى ليژنەى چاودێرى لەگەڵناو كۆمپانياى لەسەر بێت.

www.mojkurdistan.com

٨. بە هیچ شێوەیەك ڕێگا نەدرێت بە گواستنەوەی ڕەژوو بۆ دەرەوەی كوردستان.

٩. هێنانی ڕەژوو لەدەرەوەی هەرێم گرنگی پێ بدرێت و ئەو كەسانە هان بدرێت كە ڕەژوو لە دەرەوە دێنن بۆ ناوەوەی هەرێم دوای پشكنین و لێكۆڵینەوە ، ئاسان كاریان بۆ بكرێت لە گومرگی سنورەكانی هەرێم.

١٠. مۆڵت بدرێتە ئەو كەسانەی ڕەژوو دروست دەكەن لەو جۆرە دارانەی كە دیار كراوە لە خوارەوە:-

أ-پاشماوەی داری دارتاشی لەگەڵ پاشماوەی هەر كارێك بێت وكوو ( داری كاریتەی كۆنی خانوو.

ب- بە هیچ جۆرێك ڕێگا نەدرێت رەژوو لە لە دارستانی دەستكرد و سروشتی و داری گوێز دروست بكرێت تەنها پاشماوی ( تخفیف و تقلیم ) كردن نەبێت ئەمەش بە پێ ی ڕێنمای یەكانی بەڕێوەبەراەتی گشتی دارستان دەبێت .

ج – داری ووشكی ناو دارستانەكان ، ئەوەش پاش نۆرین و وەرگرتنی رەزامەندی .

د – ڕێگا دەدرێت ئەو دارانەی كە بكرێت بە رەژووكە دەسن بەسەر داگیراوە بە ڕێگای دادگا (مصادرە كراوە ) لە دواییدا بە ڕێگای زیادكردنی ئاشكرا دەفرۆشرێت بە پێ ی ڕێنمایەكانی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی داد .

ه – پاشماوەی باخەكانی كەرتی تایبەت بە پێ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبڕدرێت :-

☆ ووشك بوون .

☆ تەمەنیان گەورە بێت و بەرهەمیان كەم بێت .

☆ یان تووشی نەخۆشی دەبێت وبەرە و ووشك بوون دەچن .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

☆ شوێنی باخچەکە بکرێت بە پرۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوە پاش ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندی دارەکان.

١١- پێدانی مۆڵەت لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی ڕەزگەری دارستان و پاوان دایە .

١٢- دیاری کردنی سزادانی ئەو کەسانەی کە ڕێنمایەکانی سەرەوە جێبەجێ ناکات .بە پێ ی یاسا .

**عبدالعزیــــز طیب**

**وەزیـــــــری کشتـــوکاڵ**

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com